**میژووی فووتباڵی بۆکان** عوسمان ئیلخانی زاده



دوای سپاس بۆ کاك نادر فەتحی و کاك جەعفەر مەردان بەگی کە هەم لە مەیدانە وەرزشییەکانی بۆکان و هەم لە بواری مێژووییە وە، ئاڵای وەرزشیی بۆکانیان شەکاوە ڕاگرتووە.

ساڵی 1340 حەوشە چۆڵێك بوو کە پێیان دەکوت حەساری کەشاوەرزی. توور و کەلەم و گێزەر و ... شتی وایان لێ دەچاند. نازانم چۆن بوو کە کرا بە مەیدانی وەرزشی؟ من ئەو کات تەمەنم دە ساڵ بوو. ئەوە قسەی نیو قەڕن لەوە پێشە!

لەبیرمە ئێواران کۆمەڵێك گەنج کۆدەبوونەوە و کۆتەکانیان دادەکەند و هەر بە پاتۆڵ یا بە شەرواڵەوە فوتباڵیان دەکرد. کۆتێکیان دادەنا و حەوت هەنگاویان دەپێواو و کۆتێکی دیکەیان دادەنا و دەبوو بە گۆڵ واتە دەروازە. لە ئەوسەری مەیدانەکەش هەر بەو چەشنە دەروازەیەکی تریان دروست دەکرد و ناویان دەنا "گۆڵ". ئەوە یەکەم هەوڵدان بۆ یاری کردنی فوتباڵ بوو.

کاك سولەیمان کەریمی کە  بە بڕوای من دەبێ لە هەموو وەرزشگاکانی بۆکان پەیکەری لێ ساز بکرێ، دەستپێکەر و بناغەدانەری وەرزشی بۆکان بوو. بۆخۆی لە هەموو بوارە وەرزشییەکاندا زۆر بە توانا بوو. ژیمناستیك کار بوو، پینگ پۆنگی دەکرد فوتباڵ ی دەکرد ڕاهێنەری فوتباڵ بوو و ...

تا ئەو جێگایەی من لەبیرم بێ، یاریکەرانی ئەو سەردەمە، کاك فارووق ئیلخانی زادە، کاك حسێن عەبدوڵاهی، کاك سولەیمان کەریمی و چەند کەسیتر بوون کە بەداخەوە لە یاریکردنەکەدا بەردەوام نەبوون و درێژەیان پێ نەدا. دواتر بە هیمەتی کاك سولەیمان و کاك حوسێن و کاك فارووق دوو داری لار و خواریان لە جێگای کۆتەکان چەقاند و دارێکی خوارتریان بە بزمار لەسەر گیر کرد و بەم شێوەیە دوو دەروازی مەیدانیان دامەزراند. پێموایە ئەوە مێژووی یەکەم دەروازەی فوتباڵی بۆکانە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1342 ی هەتاوی.

ئەو کات من تەمەنم دە ساڵ بوو و یارییان لەگەڵ نەدەکردم. دەیانکوت تۆپت لێ دەدرێ و دەگری. سەیرکردنی فوتباڵ ببوە پیشەی هەموو ئێوارەیەکم. دوو تا سێ ساڵێکی پێ چوو، برێك بەخۆوەتر بووم و ئەمجار ئیزنی یاری کردنیان پێ دەدام. هێندەم فوتباڵ پێ خۆش بوو، دەتکوت تەواوی دنیایان

داوەمەتێ. تۆپێکی نەرمی پیسمان بوو کە زۆرجار لەگەڵ کاک فارووق دەماندا بەر شەق و ناومان نابوو شووت شووتێن.

لە قوتابخانەی قەڵا پۆلی 6ی سەرەتایی مامۆستای وەرزشمان کاک محەمەد کولیجی بوو. منی بۆ کایە کردنی ئێواران لەگەڵ تیمی دەبیرستان و مونتەخەب، هەڵبژارد. بەو هۆیە شایی دنیا لە دڵم دا دەگەڕا. ئەوکات تازە بە هیممەتی کاک ئەحمەد سامبەگی ئەو زەوییەی ئێستا مەیدانی وەرزشییە، ئاوەدان بوو و یاریمان لێ دەکرد. ئەوکات ئەو مەیدانە کەوتبووە کەناری شاری بۆکان و لەگەڵ داوێنی کێوی ناڵشکێنە تێکەڵ بوو. هاوینان تۆز و خۆڵێکی زۆری بوو و بەتایبەت ئێوارانە مەڕوماڵات بە نێوەڕاستی مەیدانەکەدا دەهاتنەوە و ئاژەڵ و ئاژەڵدار و فوتباڵیست تێکەڵ دەبوون و دەبووە خۆڵەمەڕەیەك کە چاو چاوی نەدەدیت. بەهارانیش بارانی زۆر و جاروبار سێڵاوی ناڵشکێنە، بۆمان وەك مڵۆزم وابوون.

فوتباڵ بەرە بەرە پەرەی ساند و سەرەڕای نەبوونی ئیمکانات، بەهۆی دڵسۆزی و خزمەتی بێ سنووری چوار قۆڵیی کاك ئەحمەد سامبەگی، کاك حوسێن عەبدوڵاهی، کاك مەحموود حیسامی و کاك فارووق، گەشەیەکی زۆر باشی سەند. لێرەدا ناوی کاك عوسمانی عەزیزیمان لەبیر نەچێ کە بەوپەڕی لێ بردوویی رۆڵێکی زۆر گرنگی لە گەشەکردنی فوتباڵی بۆکاندا هەبوو.

مێژووی یەکەم کێبەرکێی فوتباڵی بۆکان تراژێدی، کۆمێدی و هەروەها رۆمانتیك بوو، سەیر نییە؟

رۆژی 25ی خوردادی ساڵی 1345 کاتژمێری چواری ئێوارێ، تیمی فوتباڵی بۆکان بۆ یەکەم جار لە مێژووی وەرزشیی خۆیدا لەگەڵ تیمی مەهاباد، لە شاری مەهاباد و لە جێگایەك کە ئەوکات پێیان دەکوت مەیدانی ئابیاری، کێبەرکێی دەست پێکرد. رێزداران کاك مەحموود حیسامی و کاك حوسێن عەبدوڵاهی کە هەردووکیان زۆر پیاوی باش و روح سووك و لای هەموومان خۆشەویست بوون، سەرپەرستی کاروانە وەرزشییەکەیان لە سەرشان بوو.

کێبەرکێ دەستی پێکرد. جیا لە کاك فارووق هیچکام لە یاریکەرەکانی بۆکان باشمان فوتباڵ نەدەزانی. زۆر لە یاریکەرەکان لاو و خاو و بێ ئەزموون بوون. سەرەڕای ئەوانەش کەوشێکی تازەیان پێ دابوین، چەرمی بنەکەی هێندە رەق بوو نەدەنوشتاوە و دەتکوت پێڵاوی ئاسنە. ناو کەوشەکانمان پڕ ببو لە خوێن. لە بێ شانسی خۆمان، بایەکی توندیش دژ بە ئێمە هەڵیکرد.

کاك حوسێن مرادبەگی دەروازەبانی تیمی بۆکان لاوێکی باڵابەرز و قژکاڵ و جوانچاك بوو. لەگەڵ کچێك لە سەربانی ماڵێك لە نیزیك ئەو مەیدانە دەستی کرد بە چاوبرکێنە. ئیتر هۆشی بە فوتباڵەکەوە نەما و پەیتا پەیتا دەستی بەسەریدا دێنا و لە پەناشەوە هەر گۆڵمان دەخوارد.

هاوکات کاك مەحموود حیسامی کوڕێکی باڵابەرزی بە ناوی کاك ئەبووبەکر غەفووری هێنا ناو کایەکەوە کە لە ژیانیدا لاقی لە تۆپ نەدرابوو. کاك ئەبووبەکر کە لە ئێمە بەتەمەنتر بوو، بۆ پەرتابی وەزنە لەگەڵ ئەو کاروانە وەرزشییە کەوتبوو. لەگەڵ ئەو بەڕێزە ئێستا لە وڵاتی سوئید و لە یەك شاردا دەژین و زۆر کات پێکەوەین.

کاك مەحموود پەیتا پەیتا بە دەنگی بەرز بە ئێمەی دەکوت پەرۆش مەبن ئێستا دەیبەینەوە! هیچی پێ مەڵێن (مەبەستی کاك ئەبووبەکر غەفووری بوو) و کارتان پێی نەبێ، بۆخۆم پێم کوتوە چی بکات!

تیمی مەهاباد زۆر ڕێك و پێكتر بوو و یاریكەری وەك سمایل شەڕەفی و محەمەد ئیسلامی(سوورە) و حەمەدەمینی چیڕە و ... یان لەگەڵ بوو كە لە ئێمە بەتەمەنتر و بە ئەزموونتر بوون و لە ڕاستیدا فوتباڵیشیان باشتر لە ئێمە دەزانی. بینەر و تەماشاچی مەهابادیش لە لایەكیترەوە بە تەشویقی تیمی مەهاباد ئێمەیان هێندەیتریش سەرلێشێواوتر كردبوو و هەرایان دەكرد: "تۆپی لایلۆنی بۆ تیمی بۆكانێ بێنن!".

سەرتان نەیەشێنم 7 بە سیفر دۆڕاندمان. لاقی خوێناوی و پێڵاوی پۆلایینی ئێمە، هەلاتنی كۆیلەكان لەدەست كۆیلەداران بۆ لای سپارتاكووس ی 2 هەزار ساڵ بەر ئێستام وەبیر دێنێتەوە. چاوە چاوی كاك حسێن دەمخاتە یادی زیندانی بوونی خوسرەوپەرویز بەدەستی شیرۆیەی كوڕی و ناڵەی سازی باربەد و شیوەنی شیرین لەپشت دیواری زیندان لە نیوەشەودا.

كارەكانی كاك مەحموودی حیسامیش ئەوەندەی بڵێی سەمیمانە و خوێنشیرنانە بوو، بەڵام چی بۆدەكرێ، بە دڵێكی گەورە و پشتی چۆڵ و بە دەستی بەتاڵ، كارەكانی چارلی چاپلینم وەبیر دێنێتەوە.

بە دوای ئەو كێبەركێ یەی شاری مەهاباد فوتباڵی بۆكان ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبوو و پەرەیدەساند و جێی خۆی لەناو خەڵكیدا دەكردەوە. من و كاك عوسمان عەزیزی و چەند هەڤاڵێكی دیكەی بۆكانی تیمی "توفان" مان پێك هێنا. لەگەڵ تیمەكانی گەڕەكی "سەلاخانە" و "قولە" لە لای باغی "عەلی كەرپیس" و هەروەها گەڕەكەكانیتری بۆكان كێبەركێمان ساز دەكرد.

كاك ئەحمەد سامبەگی كە هیوادارم ئەگەر بەهەشتێك هەبێ، هەر ئێستا لە كەناری جۆگەلە شەڕابەكە لاقی لێ ڕاكشابێ و پڕ بە دڵی خۆی بحەسێتەوە، ئەو مەیدانە وەرزشییەی ئێستای بۆكان بە هەوڵ و تێكۆشانی ئەو بەڕێزە ساز كرا. لەوانەیە بڵێم هەموو ڕۆژانی هەینی لە بۆكان كێبەركێ لەگەڵ شارەكانیتر بەڕێوە دەچوو. كاك ئەحمەد هەمیشە خۆی داوەر بوو. ئەگەر بمانبردایەتەوە، ئەوە خەڵكی خۆشحاڵ بوون و باس باسی فوتباڵ بوو. ئەگەریش لە حاڵی دۆڕاندن دا بایەین، یارییەكەی هێندە درێژە پێ دەدا هەتا هەوا تاریك دەبوو. ئەوكات تەنانەت ئەگەر تۆپەكە لە ناوەڕاستی مەیدانیش دابایە، سووتی لێ دەدا و دەیگوت: "بە عیزەتی خودا پناڵتییە". ئەگەریش زۆر وەدرەنگ كەوتایە، خەڵكی هاواریان دەكرد : "ئای سامبەگی پناڵتی! ئای سامبەگی پناڵتی!" ناویان نابوو "ئێوارە پناڵتی".

ڕۆژێك لەگەڵ تیمی تەوریز یەك بە سیفر لەدوا بووین. پناڵتییەكان زۆربەیان من لیم دەدان. "ئێوارە پناڵتی" گیرا و بوو بە 1 - 1 . هەمیشە دوای لێدانی گۆڵی بۆكان خەڵكی چاوەڕوانی سووتی پایان نەدەبوون و هاوكات دەڕژانە ناو مەیدانەكەوە و فوتباڵیستەكانیان لە كۆڵ دەكرد و بە دەوری مەیداندا دەینگێڕان. دوای ئەوەی من گۆڵەكەم كرد، كاك محەمەد مقرازی كە دۆستم بوو هاتە لام. سەرخۆش بوو شوشە وەدكایەكی بن شكاوی بە دەستەوە بوو. گوتی: "ئەو شوشە بن شكاوەت دیوە؟ بە شەڕەف گۆڵ نەبایە، لە تەپڵی سەری تۆم دەكوتا!" ئاوا دەبێ فوتباڵ پێ خۆش بوون! بەڕاستی خەڵكی ئەوكاتی بۆكان وەك بنەماڵەیەك وا بوون.

دوای شۆڕشی 1347 و شەهید بوونی قارەمانانی نەمری كورد، سولەیمان موعینی، عەولای موعینی، سمائیل شەریفزادە و مەلا ئاوارە، هێرشی ساواك بۆ سەر خەڵكی كورد دەستی پێكرد. بنەماڵەی ئێمەش لە زیندانی و گرتن بێ بەش نەبوون و دوای زیندانیی، بنەماڵەكەمان دوور خرانەوە، واتە

تەبعید کران بۆ شاری کاشمەری خوراسان. منیش ساڵی 1349 پۆلی 5ی دەبیرستانم لە کاشمەر دەست پێکرد. هەر لەوێش درێژەم بە یاری فوتباڵ دا. لە کێبەرکێی ناو ئوستان کە بە گشتی 14 شاری دەگرتەوە، لە (سەبزەوار)بەشداریم کرد. بۆ کێبەرکێ کانی (جام گندم طلایی) بۆ تیمی ئوستانی خوراسان هەڵبژێردرام. کاک جه مشیید عه لیار کە ئەویش هەر وەك من لە خوراسان بوو، لە چەند کێبەرکێی ناو ئوستان بە شداری کرد. ساڵی 1350 لە گەڕانەوەی کاشمەر بەرەو بۆکان، چەند رۆژێك لە ماڵی کاکە سوارەی برام لە تاران مامەوە. زۆری هەوڵ دا لەوێ بمێنمەوە و لە تاران درێژە بە خوێندن بدەم. بەو مەرجەی زیاتر دەرس بخوێنم و کەمتر فوتباڵ بکەم. بەو هۆیەی فوتباڵی بۆکان و لای هەڤالانم لە خوێندنی تاران پێ خۆشتر بوو، گەڕامەوە بۆ بۆکان. تا ساڵی 1353 لە هەموو کێبەرکێ کانی بۆکان بەشدار بووم. لەو ماوەیەدا لەگەڵ کاك عوسمان عەزیزی و چەند هەڤالی دیکە، تیمی "پاس" مان دروست کرد. کاك محەمەدرەسووڵ سوڵتانیان کە پڕ بە دڵ خۆشم دەویست و دەرجەداری شارەوانی بوو، لەگەڵ ئەفسەرێکی شارەوانی کە ئەویش مرۆڤێکی باش بوو، بەو پەڕی دڵسۆزییەوە سەرپەرستی تیمەکایان وە ئەستۆ گرت. لە قاتی سەرەوەی دوکانەکەی شاعیری ناودار و ناسراوی کورد، کاك عومەر سوڵتانی (وەفا) ژوورێکمان بەکرێ گرتبوو و ناومان نابوو: "باشگاه ورزشی پاس" کە هەر میزە کۆنێك و چوار سەندەڵی(کورسی) شڕی ئەرجی تێدابوو. تیمی دژبەری ئێمە لە بۆکان تیمی پرسپۆلیس بوو کە لەناو خەڵکدا خۆشەویست تر و لاینگریان لە تیمی ئێمە زیاتر بوو.




چەند وێنەی کاك عوسمان ئیلخانی زادە لە بۆکان

**تیمی پاس**

تیمەکەی ئێمە واتە تیمی پاس کە لە لای خەڵکی خۆشەویست نەبوو، هۆیەکەی پەیوەندی ئەو تیمە بە شارەوانییەوە بوو. زۆربەی رووناکبیرانی ئەو سەردەمە دەیانگوت: "یاری تێدا مەکەن چونکە تیمی پاس سەر بە شارەوانییە، شارەوانی هی شایە و شا پیاوی ئەمریکایە". بەڵام هەر هەمان رووناکبیران هەر ئێستا بۆکانیان گۆڕیوەتەوە بە "دووکان"، لە کوردستانی رزگارکراو پاڵیان لی داوەتەوە و بێ

ئەمریکا ئاو ناخۆنەوە! تەنانەت ئەوکات هێشتا ئەمریکا نەببوە چەنگیز خانی سەدەی بیست و یەکەم، بەڵام ئەوە لە ئەدەبیاتی رووناکبیریدا پێ دەڵێن سیاسەت!

ساڵی 1353 بووم بە سپای دانش و بۆ شەش مانگی ئامووزشی لە تیمی پادگاندا هەڵیانبژاردم. دواتر 18 مانگ لە گوندکانی قەزوین سپای دانش بووم و بۆ زۆربەی کێبەرکی کان دەگەڕامەوە بۆکان. تا شۆڕشی 1357 کاتێك ئیسلامی بە خوێن توونیی هاتە سەرکار، لە ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش دەر کرام. 6 مانگ تەبعیدی ئیداری بۆ ئیدارەی پۆست ی بۆکان کرام. دواتر هاتمەوە ناو وەرزش و هاتمە ناو تیمی "ئیستقلال" ەوە. نازانم ئێمە خۆمان ئەو هەموو ناوە کوردییە جوان جوانەمان هەیە بۆچی ناوی عەجەم مان لە تیمەکەمان لێ نابوو؟

هەر ئەو ساڵە لە ژێر چاوەدێری و راهێنەریی ناسر ئیبراهیمی راهێنەری ئەوکاتی تیمی میللی، دەورەی راهێنەری "فی فا"م تەواو کرد و دواتریش تا هاتمە هەندەران، مامۆستای وەرزشی هونەرستان و دەبیرستانەکان بووم و راهێنەری تیمی هەڵبژێردراوی بۆکان بووم و هاوکات لە زانکۆ دەرسیشم دەخوێند. تا ساڵی 1369 بە پێی سیاسەتی نەکردوو و هەروەها فشار و گوشار و جاروبار زیندان، برستم بۆ نەما و ئاوارەی هەندەران بووم و ئیستا لە وڵاتی سوئید دەژیم و لێرەش زیاتر لە ساڵێك راهێنەری تیمی 18 ساڵ بۆ سەرەوە بووم و ئێستاش هەزار خەسار دەخۆم بۆ هەواڵانی لە دەست چووی وەرزشیم وەك: برایم وەلی زادە، نادر ئەسکەندەری، عومەر عەزیز نژاد، عەزیز مەردان بەگی، محەمەد محەمەدی و ... هەروها کاك ئەحمەد سامبەگی و هەموو ئەو کەسانەی لەژێر چەپۆکی عەجەمی بە خوێنی سەری کورد توونی ماون، بەڵام دڵی کوشتوون و لە ماڵی داناون، وەک سەروان عومەر نورانی کە بەهۆی تاوانی نەکردوو، بۆ ترساندنی چاوی کورد دەرەجەکانیان لێ ستاندەوە و دەستیان بەست و بە ناوەڕاستی خیابانی بۆکان بە سەر تاشراوی گێرایان.

خومەینی کە بە خوێنی دوو ملیۆن گەنجی ئێرانی تونیەتی نەشکا، خوێنی لاقی بیژەنی وەلیزادەشی خواردەوە و ئەو گەنجە وەرشکارە کە لە هەموو بوارە وەرزشییەکان چالاك بوو، بە زیندوویی ژیانی وەرزشی لێ ستاند. بە گوتەی کاك سوارە ئیلخانی زادە: **"تۆ بڵێی رۆژێك خۆرەتاو لەو کۆشك و قەڵایە زیز نەبێ؟"**

ئەوە بیرەوەرییەکانی من بوو لەسەر فوتباڵی بۆکان. هیوادارم لاوانی ئەوڕۆی بۆکان تێ بگەن کە ئەو دایناسۆرەی فوتباڵی بۆکان بۆ چۆتە هەندەران. بە هیوام زوحاك نەمێنێ و جارێکیتر بۆکان ببینمەوە.

سەرکەوتوو بن